# بیدعەو هۆکارە خراپەکانی لەسەر موسوڵمانان

م/عدنان بارام

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وآله.**

هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە، زانایانی ئەم دینە موسوڵمانانیان لە ئاکامی ترسناکی بیدعە ئاگادار کردۆتەوە ، وە پێش هەموویشیان پێغەمبەر ﷺ زۆر فەرمودەی هەیە لەم باسە ترسناکەدا ، بە جۆرێك لە زۆربەی ووتارەکانیدا بۆ هاوەڵانی لە سەرەتاوە ، پاش سوپاس وستایشی پەروەردگار ، ئەیترساندن لە ئاکامی شوێن کەوتنی بیدعە.

هەروەك لە چەند کتێبێکی حەدیسدا هاتووە : لە جابرەوە ﷺ دەفەرموێت:

(كان رسول الله ﷺ يخطب الناس فيحمد الله و يثني عليه بما هو اهله، ثم يقول : من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، وخير الحديث كتاب الله عزوجل وخيرالهدي هدي محمد، وشرالأمور محدثاتهاوكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار ).[1]

واتە : پێغەمبەر ﷺ کاتێك ووتاری بۆ خەڵکی دەدا ، سوپاس و ستایشی پەروەردگاری دەکرد بەوەی کە ئەو شایستەیەتی بۆی بکرێت .

پاشان دەیفەرموو : (هەر کەسێك پەروەردگار ڕێنمایی بکات ، هیچ گومڕاکارێکی نی‌یە، هەرکەسێکیش گومڕا بکات ڕێنمایی‌کەری نی‌یە ، وە باشترین فەرمودەیەك ، کتێبەکەی پەروەردگارە (قورئان)، وەباشترین ڕێنماییەك ڕێنمایی موحوممەدە(سونەتەکانی)، وە خراپترین شتیش (محدثات)ە – هەموو ئەو داهێنراوانەی هێنراونەتە ئەم ئیسلامەوە دوای پێغەمبەر ﷺ – ، هەموو

(١) اخرجه المسلم والنسائى ،والجملة الأخيرة اخرجها النسائى باسناد صحيح.

داهێنـــراوێکیش بیدعەیـــە، وە هـــەموو بیدعەیـــەکیش گومڕاییـــە، وەهـــەموو گومڕاییەکیش لە ئاگردایە ) .

لـــەم فەرمودەیـــەدا دوو خـــاڵی زۆر گرنگمان بۆ ڕون دەبێتەوە :

**یەکەم** : دینی ئیسلام بریتیە لە شوێن کەوتنی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و هیچی تر !.

**دووەم** : هەر عیبادەتێك وشتێك بە دین بزانرێـت و لـە سـوننەت و سـەردەمی پێغەمبـەردا ﷺ نـەبووبێ ، بیدعەیـە و گومڕاییە ، بیدعەیش بەگشتی :

گومڕاییەو چاك و خراپی بۆ نییە و هەمووی هەر خراپە .

لە قیامەتیشدا ئاکامی ئاگری دۆزەخە.

بیدعـە لـەم سـەردەمەدا زۆر بـڵاوە و پـەرەی سـەندوە لـە نـاو زۆربـەی موسـوڵمانانـدا ، بـەهۆی نـەفامی و دورکەوتنـەوەیان لـە قورئـان و سـوننەت بەگشتی ، وە کەسانێکیش بونەتە پێشـەوا و مـوفتی کەشـارەزاییان لـەقورئان و سوننەت نییە ، خەڵکیش بە نـەفامیو بێ ئاگایی بە گوفتارو ڕەفتاریان دەکەن.

هەروەك لە صەحیحی بوخاریدا هـاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی :

(إن الله لا يقبض العلم انتزاعاً ينتزعه من العباد ، ولكن يقبض العلم بقبض العلماء، حتى إذا لم يبق عالماً ، اتخذ الناس رؤوساً جهالاً فسئلوا ، فأفتوا بغيرعلم ، فضّلوا وأضلّوا ).حديث متفق عليه .

**واتـە** : پـەروەردگار (علـم) – زانیـاری شـەرعیو دینـی – لـەناونابات ، لـەناو بەندەکانیدا بەداماڵینێکی کتوپڕی، بـەڵکو علـم لـەناودەبات بـە لـەناوبردنی زانایـان ، هـەتا زانایـەك نامێنێـت لـە ناویانـدا ، هەڵدەستن بە دانانی سـەرکردەی نـەفام و پرسیاریان لێ دەکـەن و فـەتوا دەدەن بـەبێ زانیـاری و گـومڕا دەبـن و خـەڵکیش گومڕا دەکەن .

جا بۆ ئەوەی خۆمان لە بیدعە بپارێزین ، پێویستە لەسەر ڕێو شوێنی پێغەمبەر و هـاوەڵانی پێغەمبـەرﷺ، بـڕۆین و پـێش هەموو شتێکیش بزانین :

**یەکەم**: سوننەتی ڕاستی پێغەمبەر ﷺ چییە ، بۆ ئەوەی شوێنی بکەوین.

**دووەم**: هەموو ئەو بیدعانەش بە گـەورەو بچوکیانەوە بزانین ، بۆ ئەوەی خۆمـانی لێ بپارێزین و تێی نەکـەوین و گـومڕا نـەبین. چونکە هەرکەسێك نەزانێت خراپە چـییە و چۆنە، بێگومان تێیدەکەوێت، لەوانەیە بە

چاکیشی بزانێت و چاوەڕێی پاداشتیش بێت بەکردنی و بانگەوازیشی بۆ بکات .

حوزەیفەی کوڕی یەمان دەیفەرموو:

(كان الناس يسألون رسول الله ﷺ عن الخير، وكنت أسأله عن الشر ، مخافة أن يدركني )[٢].

واتە: خەڵکی – هاوەڵانی پێغەمبەر– پرسیاریان لە پێغەمبەرﷺ دەکرد لە خێرو چاکە ، منیش پرسیارم لە خراپە لێدەکرد ، لەترسی ئەوەی نەك توشم ببێت ) .

هەر بۆیە هەڵدەستین بەڕونکردنەوەی مانای بیدعەو چۆن ناسینی و ڕێگاکانی خۆپاراستن لێی انشاءالله .

## بیدعە چی‌یە؟

(البدعة): لەزمانی عەرەبیدا بە شتێك دەگوترێت بێتە کایەو بوونەوە، کە لەوەو پێش نەبوبێ ، زیاتریش بۆ (ذم) بەکار دەهێنرێت– کەم کردنەوەی ڕێزو پێز–.

## بیدعە لە ڕووە شەرعیەکەیەوە:

بە هەموو ئەو ڕێگاو شێوازانەی عیبادەت دەگوترێت کە داهێنراوبن و لە ئەصلی شەرعدا نەبن و ئاماژەیان بۆ نەکرابێت لە قورئان و سوننەتدا و هیچ بەڵگەیەکی ڕاست و دروستی شەرعی لەسەر نەبێت ، وە مەبەست پێی نزیك بوونەوە بێت لە پەروەردگار و خێر دەست کەوتن بێت.

بەپێی ئەم پێناسەیەش هەرچی داهێنراوێك مەبەست پێی عیبادەت ونزیك بوونەوە لە پەروەردگار نەبێت ، وەك داهێنراوە دوونیاییەکان ، ناکەونە ژێر ئەم بەخراپ زانین و حەرامیەتەوە .

ئەی موسوڵمانی بەڕێز ، بزانە لە بنچینەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کە ئیمان بەبێ ئەو دانامەزرێت "باوەڕبوونی تەواوەتی یە بەبێ گومانەوە بەوەی کە ئەم دینە پەروەردگارمان بەبێ کەم وکورتی دایڕشتوە و پێغەمبەریشﷺ هەربەو تەواوەتی‌یەی بە موسوڵمانانی ڕاگەیاندووە،هیچی لێ زیادوو کەم نەکردووە ، بە ئاشکرا بانگەوازی بۆ کردوە. وەئەرکی سەرشانی موسوڵمانیش گوێ ڕایەڵی وپەیڕەوی کردنە– السمع و الطاعة– وە هیچی ترنا. !بەڵگەیش بۆ ئەم ڕاستیە لە قورئانی پیرۆزدا زۆرە،بۆ نمونە:

قال الله تبارك وتعالى (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْأِسْلامَ دِيناً )

واتە:ئەمڕۆ– لە حجة الوداع– دینەکەتانم بۆکامل کردن بەڕون کردنەوەی

---

(٢) اخرجه الشيخان وغيرهما

دین بۆتان بە تەواوی وسەرخستنتان بەسەر موشریکاندا وە هەروەها تەواو نیعمەتی خۆمم بەسەردا ڕشتن وڕازی بوم بە ئیسلام کە ئاینتان بێ).

وە دەفەرموێت :

(وَأَنَّ هَـذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) [٣] .

واتە: ئەوە ڕێگای منە کەڕاستە، بۆیە بیگرنە بەرو شوێنی بکەون ، وە شوێن ڕێچکەکان مەکەون ، چونکە لە ڕێبازە ڕاستەکەی خوا لاتان دەدەن . ئەمە وەسیەتی خوایە بۆ ئێوە ، بەڵکو بە تەقوابن و خۆتان بپارێزن، لەو ڕێچکانەی لەڕێگاڕاستەکەی بەهەشت لاتان دەدەن.

وە هەروەها دەفەرموێت:

( وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ) [٤] .

واتە(ئەو ڕێبازو ڕێنمایی و فەرمانانەی پێغەمبەرﷺ بۆی هێناون ، وەریان بگرن و دەستیان پێوەبگرن . وە هەرشتێکی لێ قەدەغەکردون ، لێی دوربکەونەوە، وە تەقوای خوا بکەن و خۆتان بپارێزن لە سەرپێچیکردن لەو فەرمانانە ، چونکە تورەیی خوای بەدواوەیە و خوای گەورەش سزای زۆر توندە .

وە زۆر ئایەتی تریش لە بارەی ئەم ڕاستیەوە و بەهەمان واتا زۆرە لە قورئانی پیرۆزدا .

پێغەمبەر ﷺ پێی ڕاگەیاندوین کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەتەواوی داڕێژراوە و هیچ بوارێك نیەو نەماوە بۆ هیچ کەسێك کە دوای خۆی شتێکی لێ زیاد بکات وعیباداتی تری تێکەڵ بکات .وەك فەرموویەتی:

(ماتركت شيئاً يقربكم الى الله تبارك وتعالى إلا وامرتكم به وما تركت شيئاً يبعدكم عن الله تبارك وتعالى ويقربكم الى النار إلا ونهيتكم عنه ) [٥].

واتە: (هیچ شتێك نیە بەجێم هێشتبێت کە لە پەروەردگارتان نزیك بکاتەوە، ئیلا فەرمانم پێ کردون.وە هیچ شتێکیش نیە بەجێم هێشتبێت و دوورتان بخاتەوە لە پەروەردگارو نزیکتان بکاتەوە لە ئاگر ، ئیلا فەرمانم پێ کردون بە دورکەوتنەوە لێی ).

وەهەروەها دەفەرموێت:

---

(٣) (الأنعام:١٥٣)

(٤)(الحشر: من الآية٧)

(٥)حديث صحيح أخرجه الإمام الشافعي في (الرسالة )

( إنـــي قــدتركتـــكم عـــلى مثـــل البيضـــاء ليـــلهـــا كنهارها .لايزيغ عنـــها بعدى إلا هالك )[٦] .

واته: (بەڕاستی و بێ گومان من لەسەر ڕۆشناییەك ئێوەم جێ هێشتووە، شەوی وەك ڕۆژی وەهایە ، هەرکەسێك دوای من لێی لابدات ، بێگومان گومڕایەو بەهیلاك چووە).

## داهێنان وزیاد کردن لەدیندا ڕێگەی پێ نەدراوە

١/ شـــەرع دانـــان- التشـــريع- تـــەنها مـــافی پـــەروەردگارە، بەنـدەکانی بۆیـــان نییە لە دین و شەرعی پەروەردگار زیاد بکەن ، چونکە ئەگەر زیاد کردن دروست بوایە، ئەوا کەم کردنیش دروست دەبوو.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (اذا حدثتكم حديثاً فلا تزيدن علي ).[٧]

واتــە ئەگــەر باسێکم بـۆ بـاس کـردن هیچی لێ زیاد مەکەن .

٢/ فەرمان و ئەرکی سەرشـانی خـەڵکی گوێ ڕایەڵێو پـەیڕەوەی کردنی شـەرعەو بـەس - السمع والطاعة -. نابێـت کـەم و زۆر لێی زیاد بکرێت. ! وەك ئیمامی مالك فەرمویەتی: (من ابتدع في الإسلام بدعة يراها حسنة فقد زعم أن محمداً خان الرســالة لأن الله يقول : (اليوم أكملت لكم دينكم وأتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الإسلام ديناً) . فما لم يكـــن يومئذ ديناً ، لايكون اليوم ديناً .

واتـــە : هەرکەســێك بیدعەیـــەك لـــە ئیسلامدا دروست بکات و بەباشی بزانێت، ئەوا بەو کردەوەیەی بڕیاری ئەوەی داوە کە محمد ﷺ خیانەتی لە دینەکە کردووە. لەبەرئەوەی پەروەردگار دەفەرموێت :

(الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ...الاية ).[٨]

وە هەر شتێکیش ئەو ڕۆژە دین نەبوبێ بە هیچ جۆرێك ئەمڕۆ نابێتە دین.

٣/ پێغەمبـــەر ﷺ دەروازەی بیدعـــەو زیـاد کردنـی لـە دینـدا بـۆ هـەتا هـەتایی داخستوە لەڕوی هەموو کەسێکدا.

هەروەك فەرمویەتی: (من احـــدث في امرنا ما ليس منه فهو رد ).[٩]

واتـا: (هەرکەسێك شتێك بهێنێتـە ئـەم دینەمانـــەوە و تێیـــدا نـــەبێت ، ئـــەوا دەدرێتەوە بەڕوی خۆیدا ).

(٦) أخرجه احمد وغيره وصححه الألباني / كتاب السنة

(٧) المائدة: من الآية٣

(٨) الأحاديث الصحيحة ٣٤٦

(٩) متفق عليه

وە هەروەها دەفەرموێت : (من عمل عملاً لیس علیه امرنا فهو رد )[١٠]

واتا :هەر کەسێك کردەوەیەك – عیبادەتێك – بکات و فەرمانی ئەم دینەی ئێمەی لەسەر نەبێت ، ئەوا لێی وەرناگیرێت ) .

مەبەست لە پەرستنی پەروەردگار دەست کەوتنی پاداشتەو نزیك بونەوەیە لێی.ئەم مەبەستەیش تەنها بەوعیباداتانە دەبێت کە پەروەردگار خۆی لە قورئاندا بۆی دیاری کردوین و لە سوننەتدا هاتون ، هەرچی عیبادەتێکیش لە قورئان وسوننەتدا نەبێت، ئەوا بیدعەیەو لەجیاتی نزیك بوونەوەو پاداشت ، سزاو دوور کەوتنەوە ئاکامیەتی .

## چۆن بیدعە بناسین !؟

ابن تیمیة رحمه الله ، بنچینەو بنەمایەکی دارشتوە ، کە بەهۆیەوە بتوانین بیدعە بناسینەوە . وەك چۆن لە کتێبی (العبودیة ) کەیدا هاتوە و دەڵێت :

کاکڵەو کرۆکی دین لەسەر دوو بنچینەیە:

١/ هیچ کەس وهیچ شتێك نەپەرستین تەنها (الله) نەبێت .

٢/ بەهیچ عیبادەتێکیش نەی پەرستین تەنها بەوە نەبێت ، کە بەشەرع دایناوە.

وە لەکتێبی (اقتضاء الصراط المستقیم مخالفة اصحاب الجحیم. ص٢٦٩) دا دەڵێت

بنچینە لە هەموو عیبادەتەکاندا ئەوەیە: هیچ عیبادەتێك نەکرێت بە شەرع تەنها ئەوە نەبێت کە پەروەردگار کردویەتی بەشەرع .

وە لە عاداتیشدا ئەوەیە :هیچ عادەتێك نەکرێت ، تەنها ئەوەی نەبێت کە پەروەردگار ڕێگەی پێداوە و مخالەفەی شەرع نیە.

جا کردەوە بۆ ئەوەی صالح بێت و وەرگیراو بێت ، پێویستە دوو مەرجی گەورەی تێدا بێتە جێ :

**یەکەمیان** :خاوەن کردەوەکە مەبەستی پێی ڕەزامەندی پەروەردگار بێت .

**دووەمیان** : دەبێت کردەوەکەیش بەپێی ئەو شەرعە بێت کە پەروەردگار لە قورئاندا دایڕشتوە ، یاخود پێغەمبەرﷺ لە سونەتەکانیدا ڕونی کردۆتەوە.

هەرکاتێك یەکێك لەم دوومەرجە لە هەر عیبادەتێکدا نەهاتەجێ ، ئەوا ئەو کردەوەیە بەچاك ناو نابرێت و بیدعەو گومراییە.

ئەوکەسەی دەڵێت کردەوەی چاك بەنیەتی چاکە و بەس ، ئەوە ڕاست

---

(١٠) أخرجه مسلم وغيره

ناکات.، چونکه نیەتی چاك بەتەنها بەس نیه بۆ بەچاك گێڕانی کردەوە ، پێویستە لەگەڵ نیەتە باشەکەشدا ، پەیوەست بونی بەشەرعەوە تێدا بێت .

چونکه کردەوەی خراپ ڕەوانیيە ئەگەر نیەتیش چاك بێت..پێویستە لە هەموو عیبادات و کردەوەکانماندا ، ئەم دوو خاڵە زۆر گرنگە ڕەچاو بکەین و پێوەری هەموو کردەوەیەك بێت و ڕاست و خراپی پێ دەست نیشان بکەین وەئەم پێوەرەش سەنگی مەحەکە بۆ هەمو کردەوەیەك ، وە کاتێك کردەوەی خەڵکی پێ بپێوین ، کەم لەکردەوەکان بەسەلامەتی دەرچن.و ئەو کردەوانەی ڕاست ودروستە و لەسەر قورئان وسونەتیشە، لەم سەردەمەدا نامۆیە و زۆربەی خەڵکی پێی شتێکی سەیرە.

## جۆرەکانی بیدعە .

**بیدعە لەدیندا دووجۆرە :**

**جۆری یەکەم :**

بیدعەی بیرو باوەڕ و گوفتار ، وەك ووتەکانی (الجهمية والمعتزلة والرافضة). وەهەموو ئەو فیرقە گومڕایانەو بیرو باوەڕیان.

**جۆری دووەم** :بیدعە لە عیبادەتەکاندا بە پەرستنی پەروەردگار ، بەعیبادەتێك خۆی بەشەرع دای نەنابێت .

وەئەمەیش چەند جۆرێکن :

١/ ئەو بیدعەیەی لە بنچینەی عیبادەتەکەدایە ،.وەك عیبادەتێك بهێنێتە کایەوە ، کە هیچ بنچینەیەکی نەبێ لەشەرعدا، وەك نوێژێك زیاد بکات ، ڕۆژوویەك زیاد بکات ،جەژنێك زیاد بکات، وەك جەژنی سەری ساڵ و جەژنی اسراو میعراج و بەرات و... هتد.

٢/ زیادکردنەکە لەسەر عیبادەتە شەرعیەکە بێت ، وەك زیاد کردنی رکاتی پێنجەم لە نوێژە چواریەکاندا .

٣/ بیدعەی شێوەی ئەنجامدانی عیبادەتێك. وەك زیکر کردن بەدەنگ و کۆرس و گۆرانیەوە ، یاخود زۆر زیادەڕەوی لە عیبادەتدا ، بە شێوەیەك لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەرچێت .

٤/ دیاری کردنی کاتێك بۆ عیبادەتێك کە ئەوکاتە جێگەی ئەو عیبادەتە نەبێ و شەرع دیاری نەکردبێ.

چونکه ئەصڵی عیبادەتی نوێژو ڕۆژو شەرعیە ، بەڵام کاتەکانی پێویستی بە دەلیلێکی شەرعی هەیە. وەك نوێژی بیدعەی بەناو (سنة الجمعة)..

**هەڵوێستی صەحابە**

**بەرامبەر بە بیدعە**

عبدالله کوڕی مسعود ﷺ دەیفەرموو:

( اتبعوا ولا تبتدعوا فقد كفيتم ).

واتــه : شــوێن شــەرع بکــەون و بیدعــە مەکەن ، تەنها ئەوەتان لەسەرە.

عبدالله کوڕی عمر دەیفەرموو :

(كــل بدعــة ضــلالة وإن رآهــا النــاس حسنة)[11]

واتا :هەموو بیدعەیەك گومراییـە ئەگـەر چی خەڵکیش بەچاکی بزانێت.

**ئەو هۆیانەی دەبنە دروست بوونی بیدعە .**

١/ نــەزانینی ســونەت و زانســتی زارەوی حدیث – علم مصطلع الحديث –،کـە بۆتـە هۆی جیانەکردنەوەی فەرمودەی صـحیح و لاواز لە لایەن زۆربەی موسوڵمانان .

٢/ کەسانێك بونەتە مفتـی ، پـرس وڕای شەرعیان پیّ دەکرێت و دەرسی خەڵکی دادەدەن بەبیّ علم و بەهـەواو ئـارەزوی خۆیان .

٣/ زۆر خوونــەریت –عــادات – کــراون بــەدین و شــەرع، بــەبیّ هــیچ بەڵگەیــەکی ڕاســت لــە قورئــان و ســونەت، وەك کـۆڕی تەعزیــە دانــان و بیدعــەی ڕەش بینــی بەرامبەر مانگی سەفەرو زۆر شتی تریش.

٤/ شــوێن کــەوتنی کوێرانــەی زۆربــەی خەڵك بۆ کەسانێك کە بە مەعصوم و پیـاو چــاکیان دادەنــێن و هەرچــی کردیــان و ووتیــان پێیــان دیــن و شــەرعە ، ئەگــەر پێچەوانەی قورئان و حەدیسـی صـەحیحی پێغەمبەریش بێت ﷺ .

٥/ شوێن کەوتن و بەدوا گەڕانی هەنـدێك کــەس و بــەناو زانــایش بــۆ ئــەو ئایــەت و فەرمودانەی لە ڕواڵەتدا شوبهەیان تێدایە ، (متشابە)ن و چەند تەفسیرێك هەڵدەگرن و خەڵکانی پێدەخەنە گومانــەوە و گومڕایـان دەکەن .هەروەك چۆن پــەروەردگارمان لـە پێناسەو وەصفی قورئاندا دەفەرموێت :

(هُــوَالَّــذِي أَنــزَلَ عَلَيْــكَ الْكِتَــابَ مِنْــهُ آيَــاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَــةِ وَابْتِغَــاءَ تَأْوِيلِــهِ وَمَــا يَعْلَــمُ تَأْوِيلَــهُ إِلَّــا اللَّــهُ وَالرَّاسِــخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ)[12]

(١١) اخرجهما الدارمي باسناد صحيح .

(١٢) (آل عمران:٧)

واتــه: ئــەوە – پــەروەردگارە – کــه قورئانی بۆ سەر تۆ هێناوەتـەوە خـوارەوە و لە ئایاتەکانیدا ئایاتی موحکەمی تێدایـە، ئەوانیش وەك(أم الكتاب) وەهەندێك ئایاتی تـریش(متشـابه)ن ، وە ئـەو کەسـانەی لـە دڵەکانیانـدا لەکـەو لادانێـك هەیـە شـوێن متشــابهەکانی دەکــەون ، بەمەبەســتی ئاشوب و تەئویل کردنی ، وەماناو تەئویلی (الله) نــەبێت کــەس نایزانێــت ، وە ئــەو کەسـانەیش زۆر لـە زانیاریـدا شـارەزان ، دەڵێن باوەڕمان پێەتی ، هەمووی لە لایەن پـەروەرد گارمانەوەیـە، وەخــاوەن بــیرو هۆشەکان نەبێت نافامن .

**چەند نموونەیەك لەو بیدعه باوانەی ناو موسوڵمانان .**

بیدعـە زۆر زۆرتـرە لـەوەی کـەبتوانین لێرەدا تەنها ناویان بهێنین ، بەڵام هـەر بـۆ نموونـە ئامـاژە بۆنـاوی چـەند یـەکێك لـەو بیدعـە زەقانـە دەکـەین و، لـە داهاتویشـدا انشاءالله باسی هەر یەکێکیان بەدرێژی لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە دەکەین .

 ئاهــەنگ گێرانــی شــەوی ئیســراو معــراج و کۆبونــەوە لەمزگەوتەکانــدا بــەو بۆنەیــەوە ، کــەهیچ دەلیلێکــی قورئــان و حەدیسیشی لەسەر نییە .

 چون بەرەو پیری حاجیان بە دەف و ذیکـرو شـیعرو گۆرانییـەوە لـە زۆربـەی وولأتانی ئیسلامی .

 لە نوێـژ و ڕۆژو و حـەج و عـومرە و ژن هێنان و منداڵبوون و مردوو تەعزیەو سـەفەر و نـان خـواردن و جـل و بـەرگ و هەموو بوارەکانی ژیانی مووسوڵمان بیدعـە تێکــەڵی بــووەو، جێگــەی ســونەتی گرتۆتەوە. خەڵکیش دینـە ڕاستەکەیان لێ بزر بووە و لەسەر بیدعە عیبادەت دەکـەن و هەڵسوکەوت دەکەن .

وە پێویســتە مووســوڵمان زوو بــەئاگا بێتەوە و عەقیدە و عیبادات و عاداتی پـاك بکاتەوە و بگەڕێتەوە سەر پەیڕەویکردنی قورئان و سوونەت .بەبێ هیچ لووت بـەرزی و دەمار گیرییەك.

**تۆبەی بیدعەچی وەناگیرێت هەتا واز لە بیدعەکەی نەهێنێت.**

ترسناکی بیدعە لەوە دایە کە :

١/ کـردەوەی خـاوەن بیدعــە بــەڕویا دەدرێتەوە و لێیوەرناگیرێت :

قال الله تبارك وتعـالى: (قل هل ننبــئكم بالأخسرين اعمالاً الذين ضل سعيهم في الحياة الدنيا وهم يحسبون انهم يحسنون صنعاً) [١٣]

---

(١٣) الكهف/ ١٠٣ –١٠٤

واتــە : ( پێیــان بڵــێ ئــەی محمــد ﷺ ئایــا پێتــان رابگەیــەنین ئــەو کەســانەی کردەوەکانیــان پوچــەڵ بوّتــەوە. ئــەو کەســانەن کــە هــەر لــە ژیــانی دوونیــادا کۆششــەکەیان بــەفیڕۆ چــووە و وەهــایش دەزانن ئیشی چاك دەکەن ).

وەپێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی :

(من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منــه فهو ردّ )[١٤].

٢/ تۆبەی بەڕودا داخراوە هــەتا لەســەر بیدعەکەی بەردەوام بێت .

قـال صـلى الله وسـلم ( إن الله حجب التوبة عن كل صاحب بدعة، حتى يدع بدعته ) [١٥]

واتــا ( پــەروەردگار تۆبــەی داخســتووە بــەڕوی هــەموو خــاوەن بیدعەیەکدا، هــەتا واز لەبیدعەکەی ئەهێنێت).

٣/ بــەپێی فــەرموودەی پێغەمبــەر ﷺ هەموو خاوەن بیدعەیەك مەلعونە.

وەك فەرموویەتی :

( من احدث فيها او آوى محدثاً فعليه لعنـــة الله والملائكة والناس أجمعين)[١٦]

واتــا: هــەر کەسێك لــەم دینــەدا شــتێك زیاد بکات ، یاخود داڵدە و کۆمەکی یەکێك بکــات شــتێکی لێ زیــاد کردبێــت، ئــەوا لەعنــەتی خــوداو فریشــتەکان و هــەموو خەڵکی لەسەرە) .

٤/ تــاوانی ئــەو کەســانەش دەچــێتە ئەســتۆی کــە لاســایی دەکەنــەوە و بــە بیدعەکــەی عیبــادەت و خــوا پەرســتی دەکەن.وەك پەروەردگار دەفەرموێت:

(لِيَحْمِلُوا أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ)[١٧] .

واتا: باتاوان و کۆڵی خۆیـان بەتـەواوی هەڵگرن ڕۆژی قیامەت، لەگـەڵ تـاوانی ئـەو کەسانەیش گومڕایان دەکەن بەبێ زانیاری.

٥/ لـەئاوی کـەوثـەر بـێ بـەش دەبـن و بــەرەو دۆزەخ دەبــرێن هــەروەك چــۆن پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:

(هل تدرون ما الكوثر؟ هو نهرٌ أعطانيــه ربي في الجنة ، عليه خيرٌ كثير ، تردُ عليه امتي يوم القيامة ، (شرابُهُ أحلى من العسل، مــن شرب منه فلا يظمأُ أبداً) آنيتُهُ عدد الكواكب ، يُختَلَجُ العبدُ منهم فاقولُ:

يارِبِّ انّهُ من أُمّتي فيُقال: إنك لا تدري ما احدثوا بعدك (- وفي رواية — فاقول: ســحقاً) [١٨]

---

(١٤) متفق عليه.

(١٥) حديث صحيح اخرجه الطبرى والترمذى وحسنه

(١٦) اخرجه البخارى والمسلم وغيرهما

(١٧) النحل /٢٥

(١٨) صحيح الجامع الصغير و زيادته.

واتە : ئـەزانن كـوثر چـی‌یە ؟، ڕوبارێكـە پـەروەردگارم لە بەهەشتدا پیَی بەخشـیوم ، خێرێكـی زۆری لەسـەرە ، ئوممەتەكـەم دێنە سـەری‌و ئـاوی لێدەخۆنـەوە لـە ڕۆژی قیامەتدا (خواردنـەوەو تـامی لـە هـەنگوین شیرینترە هەركەس لێی بخواتەوە هـەرگیز تینووی نابێـت) .پەرداخـەكانی لـە سـەرین بـە ژمـارەی ئەسـتێرەكانن . كەسـانێك ناگەنە من و دوور دەخرێنەوە ، لەو كاتەدا دەڵێم ئەی پەروەدگارم ئەوە لـە ئوممـەتی منە ، –لەوەلامدا– دەگوترێ تـۆ نازانیـت چـیان داهێنـاوە دوای تـۆ ، (– لـە ڕیوایەتێكدا– دەڵێم لەوە لاترچن ) .

# بەرپەرچ دانەوەی چەند شوبهەیەك

لـە بـواری بـاسـی بیـدعەدا ، پێویسـتە بـە ڕونكردنـەوەی هەنـدێك فـەرمودەی پێغەمبـەر ﷺ ، وە چـەند هەڵوێسـتێكی هـاوەڵانی ، كـە بیدعەچیەكان و نـەفامان لەشەرع ، كردویانەتە دار دەست و بەڵگـە بـۆ ڕەوادانـان و بەشـەرع كردنـی زۆر لـە بیدعـەكان و، كەسـانێكی زۆری پـێ گومڕابوون .

١/ پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:

(مَنْ سَنَّ فِي الإسلامِ سُنَّةً حَسَنَةً فَلَهُ أجرُها وأجرُ مَنْ عَمِلَ بها بَعدَهُ ...الحديث)

واتە: ( هەر كەسێك سوننەتێكی باش لـە ئیسـلامدا بكـات ، ئـەوە پاداشـتی خـۆی هەیەو ، پاداشتی ئەو كەسەیش كـە ئیشـی پیێ بكات دوای ئەو .....)٠

ئەو كەسانەی بیدعـەیان بـە سـونەتێك و كردەوەیـەكی چـاك لەقەڵـەم داوەو ئـەڵێن (بدعـة حسـنة) یـە ، ئـەم فەرمودەیـەیان كردوە بەبەڵگە .

پێش ئەوەی پوچەڵی ئەم داوایە ڕوون بكرێتەوە ، پێویستە درێژەی ڕوداوەكـە و فەرمودەكە باس بكەین.

جریری كوڕی عبدالله رضي الله عنه فەرمووی :

ئێمە لای پێغەمبەر ﷺ بووین سـەر لـە بـەیانی بـوو ، كۆمـەڵێك هـاتن پـیێ پـەتی‌و ڕووت ، هەریەكـە بـە پارچـەیەك خـۆی داپۆشـیبو. شمشـێریان لەملـدابوو زۆریـان یاخود هەموویان لە هۆزی (مُضـرْ) بـوون ، دەموو چـاوی پێغەمبـەر ﷺ گۆڕا كـەبینی ئەوەندە هەژارو بێدەرەتانن چـوە ژورەوە و هاتـە دەرەوە ، وە فـەرمانی بـە بـیلال كرد و بانگی داو قامەتی كردوو پێغەمبەر ﷺ نوێژی كرد،ئینجا وتاری داوفەرمووی:

( يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ) ١٩: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ) ٢٠.

ئەم دوو ئایەتە هاندانی موسوڵمانان بوو کە هەموویان وەك یەکن و لەیەك نەفس دروست بوون و پێویستە یارمەتی یەکتر بدەن و بشزانن کە هەریەکە چی پێش خۆی ئەنێرێت بۆ سبەینێ کە ڕۆژی قیامەتە، وەهانی دان بۆ خێر کردن بە دیناریان ، بەدرهەمیان ، بەجلیان ، لە گەنم لە مشتە خورما ، هەتا فەرموی : ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بێت .

جریر فەرمووی: پیاوێك لە ئەنصار یەك کۆمەڵە زیوی لە مشتیا هێنا کە دەستی نەی دەگرت ، دای نا لە بەردەمی پێغەمبەر ﷺ ، دوای ئەو خەڵکی دەستیان کرد بەشت هێنان ، تا دوو کۆمەڵ خواردن و جل و بەرگیان هەڵ چنی.ڕووی پێغەمبەر ﷺ لە خۆشیدا گەشایەوە دەدرەوشایەوە وەك خشڵ ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (من سن في الإسلام سنة حسنة فله أجرها وأجر من عمل بها بعده، من غيران ينقص من اجورهم شيء، ومن سن في الإسلام سنة سيئة كان عليه وزرها ، و وزر من عمل بها من بعده من غير أن ينقص من اوزارهم شئ ) ٢١ .

کاتیك درێژەی ڕوداوەکەمان زانی ، ماناکەیشی وەك خۆی تێدەگەین. فەرمودەکەی (من سن في الإسلام ) واتا هەر کەسێك کردەوەیەکی چاك بکات ، یاخود هەڵبستێت بە کردنی سونەتێك. گومانی تێدا نیە ، خێر کردن فەرمانێکی شەرعیە و سونەتی پێغەمبەریشە ﷺ.

(في الإسلام ) لە کاتێکدا ئەو کەسە موسوڵمان بێت ، لە جاهلیەتدا ئەو خێرە نیە و ئەگەر کردبێتیشی لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار نەبووە. چونکە زۆربەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ (عاشوا في الجاهلية وفي الإسلام) لە جاهلیەت و لە ئیسلامیشدا ژیاون .

جا پاداشتی ئەو کردەوەیەی خۆی هەیەو، پاداشتی ئەو کەسانەیش کە چاو لەو دەکەن و ئەو کردەوە چاکە دەکەن. بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوانیش هیچ کەم ببێتەوە.

لەبەرامبەریشدا هەرکەسێك کردەوە یەکی خراپبکات لەئیسلامەتیدا —سنة سيئة—

(١٩) النساء: من الآية١
(٢٠) (الحشر: من الآية١٨
(٢١) أخرجه مسلم والنسائي واحمد والدارمي وغيرهم .

ســـزاکەی لـــە ئەســـتۆیە و ســـزای ئـــەو کەسانەیش کە کردەوە بـەو ئیشـە خراپـە دەکەن، بەچاو لێکەری ئەو، بـەبێ ئـەوەی لە سزای ئەوانیش هیچ کەم ببێتەوە .

ئـەو کەسـەی بڕوانێتـە ڕواڵـەتی مانـای فەرمودەکـە بـەبێ تێگەیشـتن لـە تـەواوی بەسـەرهاتەکە ، وا تێـدەگات کـە دەشـێ سونەتێك زیاد بکرێت لـە ئیسـلامدا ، بـەڵام ئەم تێگەیشتنە وەك ئەوەیـە یـەکێك بڵێـت پەروەردگار لە قورئانـدا دەفـەرموێت (ويلٌ للمصلين) مانای وەیل ـ سزایەکی دۆزەخـە ـ بۆ ئەو کەسانەی نوێژ دەکەن.

بـەبێ ئـەوەی تەماشـای ئایەتـەکانی دوایی ئەم ئایەتە بکات. کە دەفەرموێت:

(الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ وَالَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ )[٢٢] .

واتا: (وەیل بۆ ئـەو نوێـژ خوێنانەیـە کـە لـە نوێـژەکانیان کەمتەرخـەمن و بێئاگـان وە ئەو کەسانە کە بۆ ڕیایی نوێژ دەکەن و پێدا ویستی ناو ماڵ نادەن بە جیران ).

وێنەی ئەم ئایەتانە لە چەند جێ یەکی تـری قورئانـــدا هەیـــە ، هـــەروەها لـــە فەرمودەکانی پێغەمبەریشدا ﷺ.

درێژەی ئەم ڕوداوەش پوچەڵی تەفسـیری فەرمودەکـــە لەلایـــەن بیدعەچـــیەکانەوە دەردەخـات ، کـە دەڵێن ئـەم فەرمودەیـە مانای ئەوەیە هەرکەسێك بیدعەیەکی چاك بکات لە ئیسلامدا ....

فەرمودەکـەی پێغەمبـەرﷺ کـە (کـــل بدعة ضلالة ) هەموو بیدعەیـەك گومڕاییـە، گشتیـیەو هـەمووبیدعەیەك دەگرێتەوە.

دەردەکـەوێت ئـەم لێکدانەوەیـەیان زۆر پوچـەڵە ، چـونکە کـردەوەی صـەحابەکە خێر کردنە لە ڕوداوەکەدا.، خێریش پێشتر لە شەرع و سونەتدا هەبوو .

ئایا ئەم کابرایـە بیدعەیـەکی حەسـەنەی کـرد ؟! . شـتێکی هێنایـە ئیسـلامەوە کـە لەوەو پێش تێیدا نەبوو ؟!.

**٢/کردنـی نوێـژی تـەراویح بەجەماعـەت،** لەناو زۆربـەی موسـوڵمانانـدا ئـەو ووتەیـەی ئیمامی عمـر ﷺ (نعمت البدعة هـــذه) زۆر بڵاوەو کراوە بـە دەلیلێکیتـر بـۆ بەشـەرع دانانی بیدعە .

ئەم بەڵگەیـەش هـەر وەك ئـەوی پێشـوو بـــەهێنانی بەســـەرهات وشـــێوەی کردنـــی نوێژی تەراویح لەسەردەمی پێغەمبەرداﷺ، هەڵدەوەشێتەوە .

---

(٢٢) (الماعون:٥/٧)

لــە جــابری کــوڕی عبـــدالله ﷺ (أن النبيﷺلما أحيا بالناس ليلة في رمضان صـــلى ثماني ركعات وأوتر) [٢٣].

واتــە (پێغەمبــەر ﷺ کاتێـك شــەوێکی ڕەمــەزانی بــە خــەڵکی زینــدوو کــردەوە ، هەشــت ڕکـاتی نوێـژ کـردو ئینجـا نوێـژی ویتری کرد).

وە لەحەدیسێکی تردا لەعائیشەوە:

رضي الله عنها (أن النبي ﷺ قام في الناس ثلاث ليالي وتأخر عنهم في الليلة الرابعـة وقال : إني خشيت أن تفرض عليكم فتعجزوا عنها) [٢٤].

واتــە (پێغەمبــەر ﷺ ســێ شــەو نوێـژی لەناو خەڵکیدا – صەحابە – کردو شـەوی چوارەم دواکەوت لێیان و فەرمووی ترسـام لەوەی فـەرز بکرێت لەسـەرتان و نـەتوانن جێبەجێی بکەن) .

لـــەم دوو فەرموودەیـــەدا ئـــەوە ڕوون دەبێتەوە کە:

١/ کردنی نوێژی تەراویح بـە جەماعـەت، پێغەمبەر ﷺ کردوویەتیو لەسونەتی ئـەو دەژمێردرێت .

٢/ نەکردنی ئەونوێژە بە جەماعـەت دوای ئـەو سـێ ڕۆژە ، دەگەڕێتـەوە بـۆ هۆیـەك (علة) ، ئەویش ترسـانی فـەرز بـوونی بـو ، بە نەمانی ئەو ڕێگرە لەدوای پێغەمبەر ﷺ ، نوێژی تەراویح دەگەڕێتەوە سەر ئەصلی سونەتەکە کە کردنیەتی بەجەماعەت .

وە ئیمامی عومـەر ﷺ یـانزە ڕکـاتی بـە جەماعــەت کــرد ، بەمــەیش ســوننەتێکی زیندوو کردەوە.

کەواتە مـەفهومی بیدعـە شـەرعیەکە کـە گومڕایـە دانابرێـت بەسـەر کردەوەکـەی ئیمــــامی عومــــەر ﷺ . هەرچــــەندە گوتبێتیشـی بیدعەیـە! چونکە لەشـەرعدا ووشــــەی بیدعــــە تــــەنها بــــۆ(ذم) بەکاردەهێنرێت . کەواتە مەبەسـتی بیدعـە (لغويه)کـە بـووە ، چـونکە لەزمانـدا مانـای بیدعە فراوانترەو هەموو شتێك دەگرێتـەوە کە لەوەوپێش نەکرابێت

٣/ هەروەها ئەو کەسـانەی بیدعەبەچـاك دەزانن،پشت بەووتەیەی ئیمامی شافیعی دەبەستن ڕەحمەتی خوای لێبێ ( البدعـة بدعتان: بدعة محمودة ، وبدعة مذمومـة ، فما وافق السنة فهو المحمود ، ومـا خـالف السنة فهو مذموم ، احتج بقول عمـرﷺفي قيام رمضان:(نعمت البدعة هذه )) أخرجه أبو نعيم في (الحلية) ٩/١١٣ .

واتە (بیدعە دوو بیدعەیە: بیدعەی چاك، وە بیدعــەی خــراپ، هەرچــیەکی بــە

---

(٢٣) أخرجه الطبراني في الصغير،وابن حبان في صحيحه

(٢٤) أخرجه الشيخان في صحيحهما.

گوێرەی سوننەت بوو ئەوە چاکە ، وە هەرچییەکی بەپێچەوانەی سوننەت بوو ئەوە خراپە ، وە بەڵگەیشی بە وتەکەی ئیمامی عومەر ﷺهێناوەتەوە .

لێکدانەوەی وتەکەی ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێبێ لەچەند خاڵێکدا.

أ/ ئەگەر ڕاست بێت لەوەوە گێڕدرابێتەوە ، ئەوە نابێت پێچەوانەی فەرموودەکەی پێغەمبەر بێتﷺ ، یاخود تەخصیصی ئەو مانا گشتیەی بکات (کل بدعة ضلالة) .

چونکە ئیمامی شافیعی بۆخۆی لێوەی گێڕدراوەتەوە کە:( أن قول الصحابي اذا انفرد ، ليس حجة ولا يجب على من بعده تقليده ) [٢٥]. وتەی صەحابیەك بەتەنها نابێتە بەڵگە وە پێویست ناکات ئەوانەی دوای خۆی تەقلیدی بکەن .

ئیتر چۆن قسەی ئیمامی شافیعی بەڵگەبێت و قسەی صەحابی بەڵگەنەبێت؟! .

ب/ ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێبێ چۆن بەبیدعە دەڵێت چاك،وە خۆی خاوەنی ئەو ووتە بەناوبانگەیە ( من استحسن فقد شرع) هەرکەسێك شتێك- کە لەدیندا نەبێت- بەباشی بزانێت- بێتە ناو دینەوە – ئەوە شەرعی داناوە .

وە لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا (الأُم) فەصلێکی لەژێر ناوی (ابطال الاستحسان)دا نوسیوە ، واتە : پوچەڵکردنەوەی بەچاك دانان [٢٦].

کەواتە هەرکەسێك دەیەوێت لەوتەکەی ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێبێ تێبگات ، با پابەند بێت بەو بنچینەو بنەمایانەی ئەو دایڕشتون .

ت/ ئەوانەی بیدعە بەباش دەزانن ووتەکان بادەدەن بەویارەی لەگەڵ هەواو ئارەزویان دەگونجێت .

(ابن رجب الحنبلي) کە یەکێکە لەگەورە زانایانی ئیسلام دەڵێت :

(ومراد الشافعي ﷺ ما ذكرنا من قبل أن اصل البدعة المذمومة ماليس له اصل في الشريعة ترجع اليه وهي البدعة في اطلاق الشرع، واما البدعة المحمودة فما وافق السنة، يعني : ماكان لها اصل من السنة ترجع اليه، وانما هي بدعة لغة لا شرعاً لموافقتها السنة) [٢٧].

---

(٢٥) تخريج الفروع على الاصول،الزنجاني الشافعي ص١٧٩

(٢٦) (الأم) ٧/٢٩٣-٣٠٤

(٢٧) جامع العلوم والحكم ص٢٥٣